
# دەفتەری تەنیایی و قەڵەمی تەم

هەندرێن

"شەوی یەڵدایە، یا دەیجوورە ئەمشەو
کە دیدەم دوور لە تۆ بێ نوورە ئەمشەو
نالی



بە تامە زەمزەمییەکانی بێهوودەیی دوا
ساتان ئاوێزانیت.
سەرت جێ نزرگەی پاکانەی گومانە و
لە نێو ختۆکەی هزرە گوناهەکاندا خپ
دەبی،
تەمی تەمننا دەتنووسێتەوە.

لە سوورگە برینداره‌کانی تەنیاییدا خوولدەخۆیی و
گەردوون هێلنجە لە چاوان:
ونبوونی خوولگەکان، تەقینەوەی ماوەکان.
زەناکان بەسەر پێستی دەنگە دوورەکانەوە دەنووشتێنەوە.
لەشی سێبەرەکان دەجمێن و بینایە ترازاوەکان دەتەنن.
لەگەڵ سێبەردا بۆنی کەزییە وەنەوشەییەکانت،
لە ڕەنگی برژانگەکانی نامۆییمدا دەنیشێ و
پەرۆشی ئەم شەوەم دەخوێنێ.

ساڵ ڕێدەکا...
سێبەر تەمەن دەنووشێتەوە و
تۆش لەسەر پردی وشەکانەوە تێمدەڕوانی.
وەک پیرێژنە کۆچکردووەکەی گەڕەک،
مەرگ ساڵی لە کۆڵ ناوە و

ئەستێرەیەک لە پەیژەی هەورەکانەوە دادەچۆڕێ...
"مەسیح"یش لە میحرابی کاتدا بە دیار ماسی چاوەڕوانییەوە باوێشکدەدا!
کات لە ئێستگەی شەودا میلەکانی هەراسانی دەوەرێ و
سەعاتیش لە خەودا دەمەیێ.

ساڵ رێدەکا و ساڵێکی تر بەڕیوە دێ...
فاڵ ئاسا بە هەموو رابردووی رێکردوو خدوو دەگرین.
دیمەنەکان خۆیان لە رووخسارم دەسوون،
شپرزەیی نیگاکان پەردەی پەنجەرەکەم لادەدا،
ژنێک لەسەر تارمەکەدا، گەڵای فرمێسکەکانی کازاخ دەکا و
پێڵاوە کۆنەکانی ساڵیش لە کۆڵانەکەماندا کەوتووە.
سبەی لەگەڵ دەستپێکردنی خوێندگا،
منداڵان دەیبەن بۆ گۆڕەپانێ،
منیش چیتر نایبینمەوە.

دەستەکان گوڵ و میهر، بە دەستەکانی تر دەبەخشن؛
لە لارووەمەتەکان ماچ دەڕوێن؛
پێکەنین میوانی لێوەکان دەبێ.



کاتیش شەمەندەفەری رازی ساڵ لێدەخوڕێ و
گەڵای فرمێسکی سەر ئەو تارمەیەش
تا پشت ئەم پەردەیە دەڕسکێ!

گوڵەکان، لەسەر مێزەکان پیر دەبن؛
ماچەکان، تامی ئاسوودەییان دەوەرێ؛
پێکەنین لە گۆڕی لێوەکان خۆی دەنێژێ.
نیگاش پەردەکە جێدێڵێ و بەسەر سێبەرە بۆنگرەکەدا هەڵدەتڕوشکێ!
...
...
...

مۆم لە مۆدانی روح دەسووتێ...
نیگا لە باوەشی پەنجەرەدا تەون دەچنێ و
درەختی دوکەڵی جگەرەکان بە سیماتەوە دەئاڵێ.
کە گۆرانی یادە دوورەکانت دەبیستم،
لێرە گەرووی تەنیایی تەڕ دەبێ.
ساڵەکان؛ کاتەکان... رەنگی یەکتر دەگرن،
دەنگەکان لێکدەئاڵێن و
بۆشاییەکان دەلەرنەوە.

لە مۆمدانی ژووردا روح دەسووتێ...
با لە دەرێ یادی ناو سێبەرە مردووەکان گەسک دەدا و
چرای سەر کۆسپەکان قەدی تەمەکە رەنگدەکا،
شەو بەسەر کات و دیمەنەکاندا دەنیشێ...
یادەکان لە خەونی _ با_دا زیکری گومانیان گرتووە و
پێڵاوەکانی ساڵیش لە کۆڵانەکەمان کەوتووە.
تەمی قەڵەمیش لەسەر دەفتەری تەنیاییدا،
تا دێ چلوورە دەبەستێ!

---

لە کۆشیعری "دوا نوێژەکانی چیا و سەفەری مەحاڵ"ەوە